# هێرشکردنه سەر تەندروستی (ڕێبەر ئاپۆ) هێرشکردنه سەر ئیرادەو هەموو بەهاکانی ژنانه

ئاشکرایه لای هەمووان کە ڕێبەر ئاپۆ تێکۆشانێکی بێوچانی لەپێناوی ئازادی ژناندا کردووە، بگرە بەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتی هیچ کەسێك و ڕێبەرێك نییە بەئەندازەی ڕێبەر ئاپۆ ڕەنج و کۆششی دابێت بۆ بەهێزکردنی ئیرادەی ژنان و چالاککردنیان. هەر ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە سیستەمی باڵادەستی پیاوسالاری بەگومانەوە بڕواننە ڕێبەر ئاپۆو پلانی لەناوبردنی دابڕێژن، دواتریش بە پیلانێکی چەپەڵ دەسگیریان کردو ڕادەستی سەرانی دەوڵەتی تورکیان کردەوە.

ژەهرخواردکردنی ڕێبەر ئاپۆ و خراپکردنی باری تەندروستی بەڕێزی لەلایەنی سەرانی دەوڵەتی تۆلیتارستی تورکیا بەو شێوەیە بێ ڕەوشتیەکی لەرادەبەدەرو دوورە لە هەموو پێودانگ و ڕەفتارێکی مرۆییانەو درێژە دانە بە پیلانگێڕی نێو دەوڵەتی دژ بەگەلی کوردو مرۆڤایەتی و هەوڵێکی نەزۆکە بۆ سەرخستنی ئامانجی پیلانگێڕیەکەو بەشێوەیەکی دزێوو نامرۆڤانە، ئەمەش ڕووی ڕاستی سەرانی سیستەمی باڵادەستی پیاو سالاری و دیماگۆژیەتە سیاسیەکەی ئاشکرا دەکات. بەردەوامبوونی پیلانگێڕی دژبە ئیرادەی گەلان و ژنانی ئازادیخواز لە سەدەی بیست و یەکەمدا، شەرمەزارییەکی گەورەیەو پەڵێکی ڕەشە بەنێو چاوی سیستەمی نادادی باڵادەستی جیهانییەوە.

وەکو ژنانی باشووری کوردستان و سەرجەم ژنانی ئازادیخواز، هەست و شعورمان لە ئیمراڵیەو دڵیشمان لەوێ لێدەدات، بۆیە هەر هێرشێك دژ بەتەندروستی ڕێبەر ئاپۆ هێرشە لەسەر ئیرادەو هەموو بەها مرۆییەکانمان و خۆشمان بە قوتابی و سەربازی شەهید(ڤیان)وشەهید (ئەلەفتریا)و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی ڕێبەر ئاپۆو ئازادی ژنان دەزانین و ڕێنمایی و پەیامی شەهیدان بۆخۆمان وەکو فەرمان دەبینین بۆ درێژە پێدان بە تێکۆشانی ئازادی و پاراستنی (ڕێبەر ئاپۆ). بۆیە وەکو ژنانی باشووری کوردستان خۆمان دەکەینە ئەڵقەیەکی ئاگرین بەدەوری ڕێبەر ئاپۆدا، ئەگەر بێت و سەرانی سیستەمی جیهانی بەگشتی و بەتایبەتی سەرانی دەوڵەتی تورکیا هەوڵنەدەن بۆ باشکردنی ژیان و تەندروستی ڕێبەر ئاپۆ نەخەنە گەرەنتیەوە، ئەوا وەکو ژنانی ئاپۆچی و پەیوەست بەڕێبازی ئاپۆیزمەوە دونیا بەسەر دەوڵەتانی بەشداربووی پیلانگێڕی دژبە ڕێبەرەکەمان بەگشتی و بەتایبەتی بەسەر دەوڵەتی تورکیادا دەروخێنین و گڕیان تێبەردەدەین. دەبێت سەرانی سیستەم باش بزانن ئەو لایەنانەی دەرفەتی ژیان لە ڕێبەرەکەمان خراپ دەکەن، ئەوا ژیان لەوانیش تێکدەدەین.

ژنانی ئازادیخواز،ڕێکخراوەکانی ژنان

وەکو دەزانن ڕێبەر ئاپۆ لەپێناوی ئازادی ژندا تێکۆشانێکی هێژاو بەنرخی کردووەو وا ئەمڕۆکەش وەکو تۆڵەکردنەوە، پیاوە باڵادەست و دەوڵەت گەراکان بەشێوەیەکی نامرۆڤانە هێرشی دەکەنە سەرو لە هەوڵی خراپکردنی تەندروستی بەڕێزیدان، بۆیە داواتان لێ دەکەین ئەو کارە شەرمەزاربکەن و بکەونەخۆ بۆ باشکردنی تەندروستی (ڕێبەر ئاپۆ). بەتایبەتی داوا لە ڕێکخراوەکانی ژنان دەکەین لەبەرامبەر ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەدا بێ دەنگ نەمێنن و هەڵوێستی شیاو دەرببڕن.

وەکو ژنانی باشووری کوردستان داوا دەکەین چی زووترە تەندروستی ڕێبەر ئاپۆ گەرەنتی بکرێت و بخرێتە ژێر چاودێری نێو دەوڵەتییەوە، لەبەر ئەوەی چیتر باوەڕیمان بە دەوڵەتی تورك نەماوە. هەروەها داوا دەکەین بەزووترین کات تەندروستی ڕێبەر ئاپۆ لەلایەنی گروپێکی دکتۆری بێ لایەن بپشکنرێت و چارەسەری نەخۆشییەکانی بکرێت. هەروەها داوا لەڕێکخراوی دکتۆرە بێ سنوورەکان و کۆمیتەی دژ بە ئەشکەنجەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و جیهاندا دەکەین بێ دەنگ نەمێننەوەو بەئەرکی مرۆیی و ئەخلاقی سەر شانیان لەم بارەیەوە رابن.

**- نا بۆ ژەهرخواردکردنی ڕێبەر ئاپۆ**

**- نا بۆ پیلانگێڕی و پیلانگێڕان**

**- بەڵێ بۆ ئیرادەی ئازادی ژنان**

**مەکتەبی کاروباری ژنان**

**تەڤگەڕی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان**

**دایکانی ئاشتی باشووری کوردستان**

**2007/3/2**